# کرێکارنامە



سەعی سەقزی
sai.saqzi@gmail.com





## کرێکار لە کۆمەڵگای ئێمەدا

مرۆڤ لە قۆناغی جەنگەڵ و ئەشکەوتەوە گەیوە بەم دەورانە گەشەی ئەمرۆ، لە چاوتروکانێکدا ئەتوانێ ئاگاداری ئاڵوگۆڕەکانی ئەستێری مریخ بێت! ماتریاڵی ئەم تەکنیک و زانستەی کە سروشتی بەو جۆرە دەستەمۆ کردووە، چۆناوچۆن گەیشتوەتە دەست مرۆڤ؟
وەڵامی ئەم پرسیاه زۆر گران نییە، هەر مرۆڤێک لە رۆژدا دەیان جار، سەدان جار وەڵامی ئەو پرسیارە ئەداتەوە! وەڵامی ئەو پرسیارە ئەم ٣ پیتەیە ک – ا – ر واتە کار.

وشەی کار بە تەنیا هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، کوچە و کۆڵان، دەشت و چیا بەو وشە برازێنییەوە بێ نرخ و بەهایە! وشەی کار ئەبێ کەسێک بە ئەنجامی گەیەنێت، ئەو کەسەی کە ئەنجامی ئەدات پێی ئەڵێن کارکەر. لێرەدا ئەبێ بڵێن کار ماتۆر و دینامی ئاڵوگۆڕەکانی ژیانە و کارکەریش ماتۆرەکە ئەخاتە گەڕ و ئاڵوگۆڕ پێکدێنێت. لەم قۆناغەدا هەم کار و هەم کارکەر نرخ و بەها پەیدا ئەکەن.

ئەو کەسانەی کە لە کانە بەردەکاندا بە رەنجی فراوان بەردی خانوو، یان زێڕ دەردێنن، یا پۆمپ بۆ هەڵێنجاندنی زێڕی رەش واتە پترۆڵ دائەمەزرێنن، لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە لابراتۆرێکی پاک و خاوێندا زۆر لەسەرخۆ بێ ماندووبوونی فیزیکی خەریکی لێکۆڵینەوەن و سوودبەخشترن فورمۆڵ بۆ چارەسەری نەخۆشییەک ئەدۆزنەوە، ئەوانە کار بە ئەنجام ئەگەیەنن. هەروەها ئەو کەسەی کە لەسەر سەکۆی شانۆ و موزیکدا شانۆیەک ئەگێڕی، یا گۆرانییەک ئەڵێت و خۆی و خەڵکیش شامان ئەکات، ئەویش وشەی کار ئەبەنە قۆناغی ژیانەوە و گیانی بە بەردا ئەکەن، ئەو کەسانە هەموویان کارکەرن! هیچ مرۆڤێکی زانا و بەتوانا ناتوانێت بە تەنیا هەموو پێداویستییەکانی ژیانی دابین کات، ئەبێ لە بەرهەم و دەسکەوتی کاری کەسانی دیکە سوود وەرگرێت، لێرەدا بە ناچار مرۆڤ ئەکەوێتە مەیدانی فرۆشتن و کڕینی کارەوە. ئەو کەسەی کە کارەکەی ئەفرۆشێت پێی ئەڵێن کرێکار.

هەموو مرۆڤێک ئەبێ کار بکات و کارەکەی بفرۆشێت. جێگەی داخە لە پڕۆسەی فرۆشتن و گڕینی کاردا، نرخ و بەهای یەکسان لە بەرچاو نەگیراوە، لە ئاکامی ئەم نابەرابەرییەی نرخ و بەهای کاردا، کرێکارانیش لە پلەی یەکساندا نین.

لە سیستمی بەڕێوە بردنی ژیانی شارستانییەتی ئەمرۆدا ئەو کەسانەی کە کار ئەکەن کراون بە سەدان بەشەوە، مەبەست لێرەدا دوو دەستە کارکەرە کە بە فرۆشتنی کارەکەیان ژیانی خۆیان دابین دەکەن، دەستەیەک پێیان ئەڵێن کرێکار و دەستەکەی دیکە پێیان ئەڵێن کارمەند. لێرەدا کورتەیەک لە ژیانی ئەو دوو دەستەیە دەسنیشان ئەکەم.

کرێکار: کرێکار لە ماوەی کاردا جلوبەرگی تایبەتی کار لەبەر ئەکات، لەگەڵ هاڕەهاڕی ماتۆر، تەقەتەقی چەکوش و ئاسن، خڕەخڕی دار برێنەوە، بێنە و بەرەی قور و خشت، دەست ڕۆناوی، لەش تۆزاوی، سەروکاکۆل شێواو، شەلالی ئارەق، هەناسە بڕکێی ژێر کۆڵ و بار، لە گرۆپی دوو کەسی هەتا سەد کەسی و زیاتریش کاتی کار بەسەر ئەبەن، لە کاتی کاردا ڕژانی تێزاب، چزانی پزوسکی ئاگر بە لەشدا، دەست و لاق قرتان، گلان و خلیسکانیان بۆ دێتە پێشەوە. کرێکاران هەر بە هەمان ناوی خۆیانەوە وەک نەوزاد، دارا، روناک و گەلاوێژ خەڵکی لەگەڵیاندا ئەدوێن.
کارمەند: کارمەند لە ماوەی کاردا جلوبەرگی خاوێن و ئوتۆکراوی لە بەردایە، لە ژوورێکی ئارام و بێدەنگ بەنووسین و کاری ئیدارییەوە خەریک ئەبێ. لە ماوەی کاردا دەست و پەنجە خاوێن و بۆنخۆشن، بە سەر و کاکۆڵی شانەکراو و ڕێکوپێکەوە لەگەڵ خەڵکدا ڕووبەڕوو دەبێەوە، خەڵکی بەناوی مامۆستا دارا، مامۆستا فەرهاد، مامۆستا گەلاوێژ، مامۆستا پرشنگ بانگیان ئەکەن، بە کورتی و بە کوردی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کرێکار و کارمەند لە پلەی کۆمەلایەتی جیاوازدا ئەژین.





## کار

کار- هەنگوینە
بنەمای ژینە
هەنگوین ڕەنجی هەنگە
هەنگی هەمە ڕەنگە

هەنگ
تێئەکۆشێ بۆ ژیان
بۆ من، بۆ تۆ،
بۆ هەموان

بەڵام لە بەری ڕەنجی
ڕەنجی سەراپا گەنجی
ئەونەی پێئەدرێ
کە بژی و نەمرێ

## نرخەکان

وتیان بە پوڵ:
نرخت چییە؟
وتی: کار.

وتیان بە کار:
نرخت چییە؟
وتی: کرێکار.


وتیان بە کرێکار:
نرخت چییە؟
وتی: ژێربار.

وتیان بە بار:
لەکوێ ئەژیت؟
وتی: لە کۆگای سەرمایەدار.

مانگی ئاپریلی ۲۰۰۵








*Denna propagandaaffisch, som spriddes i mångtusen exemplar i alla länder, på alla möjliga språk och i många olika varianter, trycktes 1911 i USA och föreställer "det kapitalistiska systemets pyramid". Underst i detta samhällssystem står arbetarna, som arbetar för alla och föder samhället i övrigt. De dignar under bördan av den ägande klassen, som sköter om njutningen, det sociala systemets epikureiska sida, militärkasten, som skjuter på folket när det visar oro och missnöje, prästerskapet och de lärda, som har hand om religionen och olika former av ideologiskt bedrägeri — "falskt medvetande" — och kungar och statschefer, som styr*

12

وێنە لە کتێبی (Arbetarrörelsens krönika)

## کانی کار یا کانی کوشتار؟

**کرێکار**

**کرێکار بی**
**لەم دەورەدا**
**نرخت چییە؟!**

**کرێکار بی و**
**کرێکارێکی رەش**
**نرخت چییە؟!**

**کرێکار بی و**
**کرێکاری کانەکان**
**نرخت چییە؟!**

**کرێکار بی و**
**کرێکاری کانی زێڕ**
**نرخت چییە؟!**

**لە بارەگای خوێنمژانی مرۆڤا**
**نرخی زێڕ ئەڕواتە سەر**
**نرخی مرۆڤ نەوی ئەبێ**
**کە رەشیش بوو، کەمتر ئەبێ!**



سێهەزار (٣٠٠٠) کرێکاری کانە زێڕەکانی ماریکنا لە ئەفریقای خواروو بۆ ئەوەی کرێی رۆژانەیان بڕواتە سەرەوە تا بتوانن ژیان خۆیان و ماڵ مناڵیان دابین بکەن، دەسیان دایە مانگرتن. لە بری ئەوەی وەڵامی داخوازییەکانیان بدرێتەوە، لە رۆژی ٢٠١٢/٨/١٦ دا دەولت پۆلیسی نارده سەریان ٣٤ کەسیان لێ کوشتن و ٧٠ کەسیشیان لێ بریندار کردن.

**٢٠١٢/٩/٣**





## محل کار یا محل کشتار؟

**کارگر**

**کارگر باشی**
**در این عصر**
**چه ارزشی داری؟!**

**کارگر باشی و**
**سیاه هم باشی**
**چه ارزشی داری؟!**

**کارگر باشی و**
**کارگر` معدن**
**چه ارزشی داری؟!**

**کارگر باشی و**
**کارگر` معدن` طلا**
**چه ارزشی داری؟!**

**در بارگاه خدایان زر**
**در سعود است ارزش طلا**
**در نزول است، ارزش انسان**
**بی ارزشتر از همه، انسان سیاه!**



سەهزار (٣٠٠٠) کارگر معدن ماریکانا در افریقای جنوبی برای افزایش مزد روزانه خویش اعتصاب نموند، تا بلکه بتوانن زندگی خود و افراد وابسته به آنها بهبود یابد، دولت بجای آنکه به خواست آنها جواب دهد، پولیس را به محل اعتصاب فرستاد، در زۆز ٢٠١٢/٨/١٦ – ٣٤ کارگر را کشتند و ٧٠ کارگر هم زخمی گشتند.

٢٠١٢/٩/٣

## ڕەنجی ڕەنجدەران

**سکەی شەمەنەفەر من ڕامخستووە**
**ماتۆڕەکەیشی خۆم وێمخستووە**
**کەچی هەر بەپێ من ڕێگا ئەبڕم!**

**چەرمی پێڵاوان من خۆشی ئەکەم**
**کارخانەکەیشی خۆم ڕێکی ئەخەم**
**کەچی پێ پەتی من ڕێگا ئەبڕم!**

**مەڕمەڕی کۆشکت من دەری دێنم**
**هەر بەدەستی خۆم بۆت ئەچەسپێنم**
**کەچی بۆخۆیشم لە کارتۆن ئەنووم!**

**سفرەی حەورەنگت من ئەیڕەنگێنم**
**سەروەت و سامان من پێکی دێنم**
**کەچی بۆخۆیشم  وا ڕەشورووتم!**

**ئەتۆم بەبێ من هیچ هێزی نییە**
**کارەبا بێ من هیچ تیشکی نییە**
**کەچی بۆخۆیشم تاریکە ژینم!**

**هۆی نەزانینە، خوێنمژی بابم**
**بۆیە تۆ شادی و من نا مرادم**
**ڕۆژێ دێ بڵێم بابێ حەسابم!**

لە یەکی مانگی مای لە بۆتێ خوێندمەتەوە





## بۆ ڕۆژی کرێکار

گوڵان هاتوو لەگەڵ خۆ بۆنی گوڵانی هێنا
ساقی بە لەنجە واهات شەرابی نابی هێنا
تیشکی نیگاهی دولبەر تین و تەوژمی هێنا
بۆ کۆڕی دڵدارانی چ شەوق و زەوقی هێنا
هەموو بڕۆین بە پێشواز گوڵان تەشریفی هێنا!

لای برد خەم و کەساسی شادی و نشاتی هێنا
نەی هێشت شەوی تاریکی ڕۆژی ڕوناکی هێنا
ئۆگست پەنجەی بڵەند کرد پاڵە هێرشی هێنا
شەقی بەست کۆشکی دراو نەزمی نوێیان دەر هێنا
دڵ و گوێمان ڕادێرین گوڵان تەشریفی هێنا

شیکاگۆ ڕچەی شکان گاورباخ دەستی هێنا
خشت پێژی شاری تاران پاچی خوێناوی هێنا
ڕەنجدەری یوهانسبۆرگی هێزی چەن ساڵەی هێنا
ڕەش و سپی، سوور و زەرد لە یەکڕەنگ خوێنیان هێنا
بۆ بنیادی کۆشکی نوێ یاسای یەکسانی هێنا

***

**مانگی گوڵان، مانگی مەی( Maj ) مانگی ئایار.**
**ئۆگست: لە ساڵی ١٨٤٦ ڕابەری خۆپیشاندانی کرێکاری بوو لە ئەمریکا، پاشان بەدەست دەوڵەتی ئەمریکا کوژرا.**
**گاورباخ گەڕەکێکی کرێکاری کەرکوکە، لە ساڵی ١٩٤٨دا مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاری بە دژی دەوڵەتانی ئێراق و بەریتانیا لێ ئەنجام درا. لەو خۆپیشاندانەدا(١٥) کەس کوژرا و (٧٠) کەسیش بریندار بوون و سەدان کەسیش بۆ بەندیخانە بران.**

لە یەکی مانگی مای لە گوندی ( گوڵان) خوێندمەتەوە

## کرێکاران دژی یەک بن، دژی یەک!

**رۆژی کرێکاری ساڵی ٢٠١٥**
**لە ئێران:**




### ای کارگر (از ابولقاسم لاهوتی)

**بس بود خواب گران، بیدار باش ای کارگر**
**مست غفلت تا بکی؟ هشیار باش، ای کارگر!**
**متحد هستند بر ضد تو خونخواران، تۆ هم**
**متحد بر ضد هر خونخوار باش، ای کارگر**

**بهر امحای تۆ، صنف اغنیا صف بستەاند**
**دیر شد، آمادەء پیکار باش، ای کارگر**
**بین استثمار و زحمت دادە شدە اعلان جنگ**
**حاضر میدان استثمار باش ای کارگر**

**اول از بن بیخ صنف مفتخواران را بکن**
**پس ز رنج خود برخوردار باش ای کارگر**
**تا کنون با زهر دین، زاهد ترا مسموم کرد**
**بعد از این آزاد مرد باش، ای کارگر**

**از سر خود تا کنی کوتاه دست ظلم را**
**در دفاع صنف خود پایدار باش ای کارگر**
**میگذارندت چو مس، در کورە قانون و دین**
**با خبر از تاج و از دستار باش ای کارگر**

**هر دو همدستند بهر غارت زحمتکشان**
**بر حذر از مسجد و دربار باش ای کارگر**
**با وفاتر نیست در راهت ز لاهوتی کسی**
**آگە از این عبد بی مقدار باش، ای کارگر**

### ئەی کرێکار

نووستن بەسە، ڕاچەنێ تاوێ ئەی کرێکار
هەتاکەی بێهۆشی؟ بیرێکەوە، ئەی کرێکار!
وا خوێنمژان، دژی بە تۆ یەکیانگرتووە
تۆیش، بە دژی وان یەکگرە ئەی کرێکار

بۆ لەناوبردنی تۆ یەکیانگرتووە خوێنمژان
درنگە، دەسا وەرە مەیدان ئەی کرێکار
وا لە نێوان رەنج و تالانا جەنگە، جەنگ
بە دژی تالانکەران وەرە مەیدان ئەی کرێکار

لە پێشدا هەڵتەکێنە کۆشکی خوێنمژان
سوود وەرگرە لە رەنجی خوت ئەی کرێکار
تا ئەمڕۆ بە (مەی)ی دین سەرخۆشکراوی
بەسییە هۆشتبێتەوە سەرخۆ ئەی کرێکار

تا دەرباز بی لە ژێردەسی ستەمکاران
لە چینی خۆت بەرگریکە ئەی کرێکار
وەک مس ئەدخەنە کورەی یاسا و دینەوە
دەسا بناسە تاج و عەمامە ئەی کرێکار

هاوکارن هەر دوویان بۆ تالانی رەنجدەران
دووربە لە مزگەوت و کۆشکییان ئەی کرێکار
دۆست و یاری تۆ بەس (لاهوتی)یە و لاهوتی
ئەم دۆستە بچکولەی خۆت بناسە، ئەی کرێکار









**دیمەنێک لە جادەی کاوە لە شاری سلێمانی**

**لە ساڵەکانی ١٩٨٠دا جاروبار هاتوچووی سلێمانیم ئەکرد، هەرکات بە جادەی (کاوە)دا تێپەر ئەبووم ماتییەک دایئەگرتم، ماتییەکی وەها کە چەند رۆژی ئەخایاند، هۆکەی ئەوە بوو دەمبینی دەستەیەک پینەچی و بۆیاخچی لە تەمەنی خوارەوە هەتا پیرێکی لەرزۆک بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، لە ناو ئەوانەدا هەشت نۆ پینەچی سودانییش هەبوون.**
**رۆژێکیان هەوا برێک سارد بوو، بەتایبەت بۆ سودانییە رەشە هەژارەکان زۆر ناسازگار، کابرایەکی پیریان کە زۆری سەرما بوو، ئاگرێکی بچکۆلەی کردبووەوە و بەکزی بەلایەوە دانیشتبوو. ئەو دیمەنە ژیانی باوکمی بە سەراجی و کەوشدروی و پینەچییەتی لە سەقز دەهێنایەوە سەر کامێرای چاوم، چون ئەویش هەر بەوجۆرە لەسەر سەکۆیەک نانی بۆ ئێمە پەیدا ئەکرد، ئەو دیمەنە کاری کردە سەرم و بووە بەو چەند دێڕەی خوارەوە.**

## بۆ پینەچی و بۆیاخچییەکانی جادەی کاوە

لە پیادەڕەوی جادەیەک
لەسەر سەکۆی بەر دووکانێک
نانپەیاکەری ماڵێک
ئۆمێدی ژیانی خێزانێک
دەس بەئەژنۆ دانیشتووە

چەکوش و گاز و گازنێک
دوو قوتو بزمارو
دەرزی و درەوش و ئاسنێک
لە دەوری خۆ هەڵڕشتووە.

مەنگەڵێکی خوار و خێچ
تەواو رزاو، جوان داوەشاو
هەنێ پۆلووی لە بۆ گەرمی
لە سەر رۆ کردووە.

دووکەڵی داری نیوەسوت و تاسە
دووری ژن و منداڵی رووت و برسی
دنیای ژینی وەک لەشێ لێ تار کردووە!

ژن و مناڵی برسی و نەدار
دایکی پیر و باوکی هەژار
چاوەروانن کە بێتەوە
باری لێویان، فرمێسکی چاویان پاک کاتەوە.





لەم گێژاوە تەنگەدا
لەم تاسە بێ سنوورەدا
دەنگێ سەراپای ئەپێکی
هاوار ئەکات و پێی ئەڵێ:
برای میوانی رەشم
منیش، وەک تۆ لە ژین بێبەشم!

نامبینی؟
وام لە لاتەوە
وام لە خوارتەوە،
وام لە ژوورتەوە،
وام لە پشت سەرت،
وام لە بەردەمت،
وام لە تاران، وام لە بەغا،
وام لە ئەم سەرو ئەو سەری دنیا!
نامناسی؟
سەیری خۆت کە،
تەواو تەواو سەری خۆت
وەک تۆم، وەک تۆ
کوتومت وەک خۆت!

وەک تۆ
پێڵاوی هەژاران بە دڵ ئەدرومەوە
وەک تۆ
پۆستاڵی خوێنرێژان و چەکمەی خوێنمژان
لەبرسانا ئەشۆمەوە!

لە یەکی مانگی مای لە بۆتێ خوێندمەتەوە

## برووسکەیەکی بە پەلە

ئەرشی ئەعلا
باری تەعالا
بەشی تایبەتی کۆشکی سپی واڵا

مناڵەکەم نەخۆشە
پوڵی دوکتۆر و دەرمانیشم نییە
بە زاتی تۆ و بە گۆڕی ئەڵلا !

تکایە بە گەیشتنی ئەم بروسکە
بڕێ پوڵم بۆ بنێرە
پوڵی بروسکەکەش لە ئەستۆ بگرە

وەسەلام، عەرزم تەمام
ئەرۆمەوە بۆ ماڵ
چاوەڕوانی پوڵم بەهەر ئەحواڵ

سامانە رووتە
باوکی چەن زەڕنەقوتە
گرێکارێکی بێکار، لە گوند و شار.

٢٠٠٩/٥/١

ناونیشان

٥ A
Tr N- A ١




٢٠٠٩/٣/١٣ رۆژنامەی سویدی
DN – DI WEEKEND- :

دەوڵەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٩ دا و دەرمان و دەوایی بڵاو کردەوە، ئەو دەرمان و دەوایەش دولار بوو، لەو پرۆسە هەزار میلیار دۆلاری دابەشکرد بەسەر خاوەن بانگ و کارخانەدا.





## یک تلگراف فوری

عرش اعلا
باری تعالا
قسمت کاخ سفید والا

بچەام مریض است
پول دکتر و درمان هم ندارم
بە ذات شما و امزاده اللا

خواهشمندم بە رسیدن این تلگراف
مبلغی پول برای روانە نماید
پول تلگراف هم خود پرداخت نماید

وەسلام
گفتەام تمام
منتظر پولم در این ایام

سامان نحیف
پدر چند بچەء ژندەپوش و ضعیف
یک کارگر بیکار،سرگردان بەهر دیار

٢٠٠٩/٥/١

ادرس:

٥ A
Tr N- A ١


دولت آمریکا در سال ٢٠٠٩ اقدام بە پخش دارو نمود، آن هم پرداختن مبلغ هزار ملیار دۆلار برای بانگداران و کارخاندران امریکا بود.


I Afghanistan finns rubiner i kalksten, som inte vittrat. Kalkstenen huggs ut i stora block, som bärs bort från brottet utan att delas och dammsuges sedan efter rubiner. I Afghanistan är alla rubinjägare beväpnade. Geväret är hela tiden inom räckhåll.

man en kristall 360 grader runt symmetriaxeln kommer kristallen att stå i samma position flera gånger. Inträffar det två gånger talar man om en tvåtalig symmetriaxel, sker det tre gånger är symmetrin tretalig, fyra gånger ger en fyrtalig symmetriaxel och sex gånger en sextalig. Andra axlar existerar inte.

Rubiner kristalliserar trigonalt och har en tretalig axel. Ljus som går längs tretalsaxeln dubbelbryts inte, utan i alla riktningar bryts ljuset i två strålar som har var sin röda färg. Med hjälp av ett instrument som heter dikroskop kan man få de båda strålarna åtskilda, så att man kan se dem bredvid varandra.

När man betraktar en rubin genom ett dikroskop i riktningar som inte är parallella med tretalsaxeln ser man två olika röda färger vid sidan av varandra. Detta fenomen kallas pleokroism. Rubinens röda färg kommer bäst till sin rätt när man ser


Kalkstenen slås bort från de röda stenarna
Den mjuka kalkstenen slås i småbitar och kalklagret bankas av de röda, hårda stenarna, som inte skadas av den hårdhänta behandlingen med hammaren.

den längs tretalsaxeln. Därför slipas rub nerna gärna så att den stora centrala fase ten, »bordet», är vinkelrät mot tretal axeln. Betraktar man bordet med dikroskop ser man bara en röd färg.

**Rubiner skapas när berg kommer i kläm**

Bergarter delas in i tre stora huvudgrupp efter det sätt på vilket de tillkommer: ma mabergarter, metamorfa bergarter och s dimentära bergarter.

Magmabergarter har skapats genom en flytande stensmälta stelnat. Lava so strömmar ut från en vulkan avkyls snab och skapar mycket små kristaller, meda smältmassor som stelnar på större dju avkyls långsammare och skapar stör kristaller. Metamorfa bergarter har up stått vid omvandling av andra bergarte som tvingats ned på större djup av jor

sidan 34

Illustrerad Vetenskap nr 8/91


Foto: Ifot/Sygma


## قووت و یاقووت لە ئەفغانستان


ئەتاشم شاخێ زۆر سەخت و گران
سەخت وەک سەرم، گران وەک ژیان
یاقووت دەردێنم لە سنگی، سەنگا
ئەیدەم بە هەرزان بۆ قووتی گران!






Priset på rubiner stiger hela tiden, även på små skärvor som inte kan användas till smycken. För varje gång en rubin byter ägare stiger priset med 30-40 procent.


En kedja av bloddroppar runt halsen
Små rubiner slipas till exempel som här med avrundad yta, s k cabochonslipning. Stenarna monteras på till exempel smycken i fattningar av guldfiligran.


Rubinerna garanterar precision
I klockor är det viktigt att de lager som kugghjulen vilar i inte slits sneda. Rubiner är så hårda att de slits mycket långsamt. Därför används de i klocklager.

34 Foto: Blue C. Ifot och Image Bank

## قوت و یاقوت در افغانستان

میتراشم کوهی سخت و عظیم و گران
سخت چون سرم، چو زندگی هم گران
ز سینه‌اش برون آرم یاقوت گرانبهارا
میفروشمش به ارزان بهر قوت، گران!

Iiiustread Vetenskap n ٨/٩١Foto: Ifot/Sygma
ناوی ئەو گۆڤارەی کە ئەو دوو وێنەم لێوەرگرتووە

## وردە بۆرژواین؟

**ئاسنگەرین ڕۆژ تا ئێوارە، ئاسن ئەکوتین**
**ئێواریش بۆ نانێک سنگ، ئەکوتین!**



## ژیان یا ژان ؟!

**کە ئەبینم دووگیانێ**
**گیان لە گیانما نامێنێ!**

ئەم وێنە کە وێنەی دووکانێکی ئاسنگەرییە، پێموابێ هی دێهاتەکانی ناوچەی سەقز بێ، بە داخەوە نازانم کێ وێنەکەی گرتووە، بەڵام دۆستێک لە سەقزەوە بۆی ناردووم.





## تاڵانی گولوبالیزمی

**جهان دیوارەکانی خەمە،**
**جادە و کۆڵانەکانی تەمە،**
**خواردنی ژار و سەمە**
**کێ لە ژیانی خاترجەمە؟**

**ئاو تینویەتی**
**گەنم برسییەتی،**
**ئاگر سەرمایەتی،**
**چاوگەی ئۆزۆن زارییەتی**
**گیرۆدەن هەر هەموویان**
**بە میکرۆبی تاڵاچییان!**

ئۆزۆن: ozone

## گۆڕان

**جاران گوێز بە هەزار، بوو**
**ئێستا گوێز، بە هەزارە**
**نرخی مرۆڤیش ئاشتی بوو**
**ئێستا کوشتوکوشتارە.**





## لانەوازان

**هەوا سارد و ناخۆشە**
**زیندان گەرمە، زۆر خۆشە**
**با شەڕێ سازکەین هەموومان**
**گەڕێینەوە بۆ زیندان**

**خاوەن جێگەی خۆمانین، لەوێ**
**بۆ شوێن ناگەڕێن، شەوێ**
**مانگی جارێک گۆشت ئەخۆین**
**جلوبەرگ و خۆیشمان ئەشۆین**

**هەوا سار و ناخۆشە**
**زیندان گەرمە زۆر خۆش**

## Black man

**Black man**
**کرێکاری گێڵگەکانە**
**Black man**
**کرێکاری کانەکانە**
**Black man**
**کرێکاری رستۆران و بارەکانە**
**Black man**
**کانی دەرد و رەنجە،**
**ناوچەکەیشی کانی دەغلودان و رێز و گەنجە**
**Black man!**

❊❊❊

ماوەیەک پێش یەکێ لە کاناڵە تەلەڤیزیۆنییەکانی سوید بەرنامەی گۆرانییەکی دوو کاتژمێری بڵاوکردەوە، لە کۆتاییەدا گۆرانیبێژەکە کە ژنێکی رەش بوو هاوکارەکانی کە لە بەشی موزیک و بەشی گۆڕی ئەو گۆرانییەدا بەشدار بوون، بە بینەرانی ناساند. بەهۆی ئەوەی ئینگلیسی نازانم، ناتوانم ئاماژە بە باسەکانی بکەم. لە کۆتایی ئەو ناساندنەدا هات و دەسی نایە سەرشانی پیاوێک کە تەمەنی دەوری چل ساڵ دەبوو، بە خۆشەویستییەکی تایبەتییەوە وتی: (Black man) (بلەک من). بە بیستنی ئەو رستە بینەرانی ئەو بەرنامە زیاتر شادمان بوون و دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان و هاوارکردن.
ئەو شادی و خۆشییە بووە هۆی نووسینی ئەو چەن رستە.





## کار

**کار- هەنگوینە**
**بنەمای ژینە**
**هەنگوین رەنجی هەنگە**
**هەنگی هەمە رەنگە**

**هەنگ**
**تێئەکۆشێ بۆ ژیان**
**بۆ من، بۆ تۆ،**
**بۆ هەموان**

**بەڵام لە بەری رەنجی**
**رەنجی سەراپا گەنجی**
**ئەونەی پێئەدرێ**
**کە بژی و نەمرێ**